The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

ڕفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمان مەحکوم دەکەین.

پاشئەوەی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان لە بەردەمی زانکۆی صلاح الدين بەپێشچاوی دەزگائەمنیەکانەوە دەرفێنریت دواجار تەرمەکەی لەشاری موصل دۆزرایەوە و گەیەنرایەوە شاری هەولێر، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی باڵای کوردستان پروپاگەندەی ئازادیو مافی مرۆڤ دەکەنو شانازی بەئازادیڕادەبڕین و کاری ڕۆژنامەنوسیەوە دەکەن لەهەرێمی کوردستان. بێجگە لەوەی بەبەرچاوی دەزگە ئەمنیەکانی کۆلێژی ئادابی زمانی ئینگلیزی و بەبەرچاوی خوێندکارانەوە ئەم ڕۆژنامەنووسە دەفرێندرێت و بە زۆر ڕاپێچی ناو سەیارەی تیرۆریستان دەکرێت.

وێڕای ئەوەی ئەم کردەوە ترسنۆکانە زۆر بەتوندی ئیدانە دەکەین، هەموو لایەنە ئەمنیەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبەرپرسیار دەزانین لەتیرۆرکردنیئەم خوێندکارەو ئەرکی سەرشانیانە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدۆزنەوە و بیاندەنە دادگا. لەلایەکی تریشەوە. دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبن بە سەلامەتیو ئاسایشی هاولاتیان بەگشتیو رۆژنامەنوسان بەتایبەتی.

بەم بۆنەیەوە ناوەندی چاك. وێڕای ئەوەی هاوخەمی بەکەسوکاروهاوڕێکانی سەردەشت عوسمان و سەرجەم ئازادیخوازان ڕادەگەیەنین، داواش لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین، هیزەئەمنیەکان ناچاربە دۆزینەوەو بەدواداچوون بکەنو دواتریش ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن لە بارەی تیرۆرکردنی ئەو خوێندکارو ڕۆژنامەنووسەوە، دواجار ئەگەر بکوژەکان ئاشکرا نەکرێت. ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە دۆسێی کوشتنو رفاندنیئەو رۆژنامەنوسەدیزە بەدەرخۆنە دەکرێت.

ئەمەش ئاماژەی گەرانەوەی سەرکوتێکی مەترسیدارە لەهەرێمی کوردستان و هەرگیز لێی بێدەنگ نابین.

ناوەندی هەلەبجە

دژبەئەنفال‌وجینۆسایدی گەلی کورد – چاك

**6/5/2010**